# چۆن بەرەنگاری گەندەڵی ببینەوە

د .کەمال سەید قادر

لەوەتەی دیاردەی دەسەلاتی گشتی پەیدا بوە واتە ئەم دەسەلاتەی کەوا دامو دەزگاکانی دەولەت بە پێ ی یاسا پێ یان بەخشراوە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا دیاردەی گەندەلیش پەیدا بوە چونکە گەندەلی ئیداری خۆی پێناسە دەکرێت بە بەکارهێنانی دەسەلاتی گشتی لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتدا .گەندەلی دەتوانێ جۆری جیا جیا وەرگرێ وەکو بەرتیل وەرگرتنو، واسیتەو،خوارکردنەوەی یاسا بە بەرژەوەندی لایەنێکو،گەندەلی سیاسی، بەلام بەرفراوانترین جۆریان بەرتیل وەرگرتنو کۆمیسیۆن وەرگرتنە وەکو مەرجێک بۆ دانی گرێبەندی حکومی بە بەلێندەران .بە پێ ی راپۆرتێکی بانکی نێودەولەتی بەرتیل سالانە لە یەک تریلیۆن دۆلار )هەزار ملیارد دۆلار (رەتدەدات لە سەر تاپای جیهان .دیاردەی گەندەلی چونکە پەیوەندە بە دەسەلاتی گشتی وە هەیە لە سەرتاپای جیهان وە لە هەمو کۆمەلگا رێکخراوەکان واتە ئەو کۆمەلگایانەی کەوا دامو دەزگای دەولەتیان هەیە بە دی دەکرێت وە هەر بۆیەشە کەوا بەربەرەکانی کردنی گەندەلی لایەنێکی نێودەولەتیشی هەیە .رێکخراوی UNئەوەندە گرنگی بە بەربەرەکانی کردنی دیاردەی گەندەلی دەدات کەوا هەلساوە بە ئامادەکردنی رێککەوتنامەیەکی نێودەولەتی بۆ بەربەرەکانی کردنی دیاردەی گەندەلی کە تا ئێستا 111دەولەت ئیمزایان کردوە .بانکی نێودەولەتیش کەوا خاوەن توانایەکی مادی زۆر قەبەیە لە سالی 1995وە دەستی بە پرۆگرامێکی نێودەولەتی کردوە بۆ بەربەرەکانی کردنی دیاردەی گەندەلی لە سەر ئاستی جیهانی وە تا ئێستا لەم بوارە کومەکی بە زیاتر لە 100دەولەت کردوە وە نزیکەی پێنج ملیارد دۆلاری لە پرۆژەی رێکخستنی ئیدارە لەم ولاتانەدا خەرج کردوە وە هەتا حکومەتی کوردوستانیش دەتوانێت سود لەم پرۆگرامانە ببینێت .هەولی تری بێ ووچانیش لە ئاراداں لە لایەن یەکێتی ئەوروپی و رێکخراوی هاوکاری ئابوری و گەشەکردن OECDکەوا یارمەتی دارایی بۆ ولاتانی تر دەبەستنەوە بە رادەی دیاردەی گەندەلی لەم ولاتانەدا . ئەنجومەنی ئەورپیش گروپێکی تایبەتی بۆ بەربەرەکانی کردنی گەندەلی بە ناوی GRECOدامەزراندوە .لە چوارچێوەی رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنیش ئەوا جگە لە سەدەها رێکخراوی لەم جۆرە کەوا لە سەر ئاستی نەتەوەیی کاردەکەن لە سەر ئاستی نێو دەولەتیش بە تایبەتی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەولەتی TRANSPARENCY INTERNATIONALکەوا کۆئالیسیۆنێکە لە رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی لە زیاتر لە 70دەولەت زۆر چالاکە .ئەم رێکخراوە سالانە هەلدەستێت بە ئامادەکردنی راپۆرتێک لە سەر دیاردەی گەندەلی لە جیهان وە هەروەها لیستێک ئامادە دەکات لە سەر رادەی گەندەلی لە دەولەتەکانی جیهان کەوا دەبێتە جۆرە رێنماییەک بۆ ئەم کۆمپانیاو دەولەتانەی کەوا دەیانەوێت سەرمایە لە ولاتێکی تر بخەنە کار یاخود یارمەتی داراییان بدەن.

لە کوردوستانیش لەوەتەی کورد خۆی لە مالی خۆی حوکمی خۆی دەکات بوەتە ئەندامێکی کۆمەلگای نێودەولەتی بۆیە ئاساییشە کەوا دیاردەی گەندەلی لە دامودەزگاکانی سەری هەلداوە هەرچەندە ئەو دیاردەیەی کوردوستان لە بەر چەند هۆیەک قەوارەیەکی فراوانو ترسناکی وەرگرتوە وە پێش هەموشیانەوە لە بەر ئەوەی کەوا ئیدارەی کوردی لە کتوپر هاتە کایەوە وە بۆیە زۆر بێ ئەزمونو ساوا بو جگە لە نەفسیەتی هەندێ لە لێپرسراوەکانیش بۆیە هەر لە سەرەتادا جۆرەها نەخۆشی لەوانە گەندەلی هێرشیان هێنایە سەر جەستەی ساوای ئیدارەی کوردی وە لە بەر ئەوەی نەتوانرا زوو چارەسەر بکرێن لە بەر چەند هۆیەک لەمانە ناکۆکی ناوەخۆ وە لاوازی سەنتەرەکانی بریاردان لە ناو حیزبەکان ئەم نەخۆشیانە بونە درێژخایەن وە هەمو جەستەی ئیدارەی کوردییان گرتۆتەوە وە ئێستا هەرەشەیەکن لە سەر ئاساییشی نەتەوەیی کوردی.

ئێستا پێ دەچێێت هەنگاوە سەرەتایی یەکان لە کوردوستان لە ئارادا بن بۆ بەربەرەکانی کردنی دیاردەی گەندەلی پاش ئەوەی ئەوەندە ئاوساوە کەوا هەرەشە لە دوارۆژی هەندێ حیزب دەکات لە کودوستان بە تایبەتی هەردو حیزبی خاوەن دەسەلات .دانپیانان بە بونی دیاردەی گەندەلی وە لێ دوان لەم دیاردەیە خۆی لە خۆیدا نیوەی چارەسەری ئەم

نەخۆشی یە بە مەرجێک ئەم هەولانە درێژخایەن بن وە تەنها پابەند نەبن بە کاتی هەلبژاردن .لە ڕاستیدا حکومەتی کوردوستان کە هەردو ئیدارەکە دەگرێتەوە پێش هەمو لایەنێک لە بەرژەوەندی سیاسی خۆیەتی ئەگەر بە ڕاستی بەربەرەکانی گەندەلی بکات چونکە ئامانجی هەمو ڕێکخراوێکی سیاسی هاتنە سەر دەسەلاتو مانەوە لە سەر دەسەلاتە بەلام کە ئێستا مانەوە لە سەر دەسەلات بە پێ ی سیستەمی سیاسی نوێ دەبێ لە ڕێگای سندوقەکانی هەلبژاردنەوە بێت هەمو حیزبێکی سیاسی زیرەکی دەکات لەوەی دەستپێشخەری بکات لە بەربەرەکانی گەندەلی چونکە خەلق ماوەیەکە دادیانە لە دەست گەندەلی لێپرسراوانی حکومی و حیزبی کوردوستان وە نزیم کردنەوەی ڕادەی بۆ نزمترین ئاست چونکە بنبڕکردنی مەحالە وە تائێستا لە هیچ وولاتێک ڕوی نەداوە.

جگە لە بەرژەوەندی سیاسی حیزبە خاوەن دەسەلاتەکانی کوردوستان دیاردەی گەندەلی هەر دەبێ بەربەرەکانی بکرێ چونکە هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیە لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردو بوژانەوەی ئابوری و سەروەری یاسا .
بە پێ ی ئەزمونی نێودەولەتی دیاردەی گەندەلی دەتوانێ بۆ نمونە ئەم دەرئەنجامە ترسناکانەی خوارەوەی لێ ببێتەوە:

1 دیاردەی گەندەلی پێشێلکردنی هەمو یاسایەکی دانراو ئاینیو ئەخلاقی و سروشتی یە وە هێرشێکە بۆ سەر پرنسیپی یەکسانی مرۆڤ لە کەرامەتو مافدا بۆیە هەر کۆمەلگایەک کە بیەوێت بێتە ڕیز کۆمەلگا پێشکەوتوەکانی جیهان وە ڕیز لە خۆی بگرێت دەبێ بە ئاشکراو بە شێوەیەکی کاریگەر بەربەرەکانی گەندەلی بکات.

2 گەندەلی هۆی سەرەکی هەژاری یە لە جیهان ئەمەش بە پێ ی ڕاپۆرتی هەردو ڕێکخراوی TRANSPARENCY INTERNATIONALوە . UNلە ڕاپۆرتی سالی 2004ڕێکخراوی TI 133دەولەت بە گوێرەی ڕادەی گەندەلی لە سەر لیستێک ڕیزکراوە وە بە کەمترین ڕادەی گەندەلی دەست پێ دەکات .لە ژێرەوەی ئەم لیستەیە ئەم وولاتانە بە دی دەکرێن کەوا بەرزترین ڕادەی گەندەلی یان تیایە وەکو کینیاو بەنغلادێشو نیجیریا وە لە سەرەوەشیان وولاتانی وەکو فنلەنداو دانیمارکو نیوزلاندا بە دی دەکرێن کەوا نزمترین ڕادەی گەندەلی یان تیایە .وە بە پێ ی ڕاپۆرتەکەی UNئەم وولاتانەی کەوا زۆر بە گەندەلی ناسراون لە هەمانکاتدا هەژارترین دەولەتەکانی جیهانن .لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نی یە کەوا هەژاری بوبێتە هۆی بلاوبونەوەی دیاردەی گەندەلی لەم وولاتانەدا بەلکو بە پێچەوانەوە گەندەلی بوەتە هۆی هەژاریان ئەگەر نا وولاتێکی وەک نێجیریا بۆ نمونە دەتوانێ ببێتە یەکێک لە وولاتە دەولەمەندەکانی جیهان چونکە خاوەن سەرمایەکی سروشتی زۆرە وە خاکێکی کشتوکالی بە پیتی هەیە وە یەکێکە لە ئەندامانی OPECکەوا سالانە زیاتر لە 600ملبۆن بەرمیل نەوت دەنێرێتە دەرەوە جگە لە غازی سورشتیش .هەر گەندەلیش بو کەوا بو بە هۆی هەرەسهێنانی ئابوی هەندێ لە وولاتانی خواروی ڕۆژهەلاتی ئاسیا لە سالی .1997وە لەوەش زیاتر گەندەلی بە شێوەیەکی سەرەکی دەبێتە بارێکی قورس لە سەر شانی چینە هەرە هەژارەکانی کۆمەل چونکە ئەگەر لایەنێک بە شێوەیەکی نایاسایی سودمەندبێت دەبێت لە سەر حیسابی لایەنێکی تر بێت .بۆ نمونە ئەگەر کۆمپانیایەک ناچار بکرێت 5% نرخی تێندەرەکەی بدا بە لێپرسراوێکی گەندەل ئەوا ئەم کۆمپانیایە ئەم ڕێژەیە دەخاتە سەر ئەو نرخی ئەو کەلوپەلانەی کەوا دوایی لە خەلقی دەفرۆشێت یاخود لە جۆری خزمەتەکەی کەم دەکاتەوە وەکو بە کارهێنانی کەلوپەلی خراپ لە کاتی ئەنجامدانی پڕۆژەکە وە ئەگەر هیچ نەبێت پارەکە لە کرێکارەکان دەردێنێتەوە .کوردوستانیش یەکێکە لە ناوچە هەرە دەولەمەندەکانی جیهان کەوا خاوەن یەکێک لە گەورەترین کێلگەکانی نەوتی جیهانە جگە لە سەرمایەی ئاو کە هێشتا لە نەوتیش گرنگترە وە ئەگەر لە ئێستاوە دیاردەی گەندەلی چارەسەرنەکرێت ئەوا خەلقی کوردوستانیش هەروەکو خەلقی نێجیریا دەبێ لە گەل ئەم هەمو دەولەمەندی یەوە بە دەست هەژاری بنالێنن.

3 گەندەلی گەورەترین کۆسپە لە ڕێگای بوژاندنەوەی ئابوری چونکە ئەم بوژاندنەوەیە بە شێوەیەکی

سەرەکی پشت بە گرخستنی سەرمایەی ناوخۆو دەرەو دەبەستێت لە وولاتێکدا وە بە گرخستنی سەرمایەش لە هەرشوێنێکدا پەیوەستە بە باری ئاسایشو ڕادەی ڕێکوپێکی و پاکی دامودەزگا حکومیەکان .
بانکی نێودەولەتی و ڕێکخراوی OECDوە کۆمپانیا نێو دەولەتی یەکان زۆر بە ووردی لێکۆلینەوە لە سەر ڕادەی گەندەلی لە وولاتێک دەکەن پێش ئەوەی یارمەتی دارایی بدەن بەم وولاتە یاخود سەرمایەی تیا بە گڕ بخەن .یەکێتی ئەوروپی و ئەمریکاو وولاتە دەولەمەندەکانی تریش یارمەتی سالانەی خۆیان بۆ وولاتە هەژارەکان بەستاوەتەوە بەو هەولانەی ئەو وولاتانە دەیدەن بۆ بەربەرەکانی کردنی گەندەلی . گەندەلی چەند ڕادەی نزم بێت لە شوێنێک ئەوەندە زیاتر دبێتە هاندەر بۆ هاتنی سەرمایەی دەرەوەو هاتنی یارمەتی .ئێستا بۆ نمونە عێراق کەوا بەلێنی نزیکەی 59ملیارد دۆلار یارمەتی پێ دراوە لە دەرەوە ئەگەر بێتو هەولەکانی زیاتر بکات بۆ بەربەرەکانی کردنی گەندەلی لە عێراقدا ئەوا هاتنی ئەم یارمەتی یە دەکەوێتە لێژی .هەرێمی کوردوستان باشترین کاندیدایە بە بەراوردکردن لە گەل ناوچەکانی تری عێراق بۆ وەرگرتنی بەشێکی زۆر لەم پارەیە چونکە ئاسایشی تیایە بەلام دیاردەی گەندەلی هێشتا کۆسپێکی گەورەیە لەم ڕێگایەدا جا هەر لایەنێک بە لە خۆ بوردویی یەوە بەربەرەکانی گەندەلی بکات ئەوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خزمەتی بوژاندنەوەی کوردوستان دەکات.

4 گەندەلی هەڕەشەیەکە لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی چونکە دیاردەیەکی ناعادیلانەیە وە ناعەدالەتیش بەرهەلستکار دروست دەکات وە دەبێتە سەرچاوەی تێرۆرو نائارامی ئەم توندو تیژیانەی ئێستا دژ بە ئیدارەی فەلەستینی لە ئاردان تەنها نمونەیەکن .جگە لەوەش گەندەلی ڕێگا دەخاتە سەرپشت بۆ دەستتێوەردانی دەرەکی لە ڕێگای لێپرسراوانی گەندەلەوە چونکە ئەم جۆرە کەسانە ئامادەن بۆ هەمو جۆرە خیانەتێک جا چ لە وولاتی خۆیان بێت یا لە ئەرکەکانی خۆییان.

5 گەندەلی هەڕەشەیەکە لە سەر دیمکراسیەت چونکە دیمکراسی تەنها بریتی نی یە لە هەلبژاردن بەلکو هەمو چەمکەکانی مافی مرۆڤو سەروەری یاساو یەکسانی لە بەردەم یاساو یەکسانی لە مافەکان دەگرێتەوە .گەندەلیش تاوانێکە هەمو ئەم پرینسیپانە پێشێل دەکات چونکە لێپرسراوی گەندەل لە جیاتی ئەوەی یاسا بکاتە پێوەرێک بۆ گەیشتن بە بڕیارەکانی خۆی ئەوا بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەکاتە پێوەر وە لە جیاتی یەکسانی تەرازوەکە دەشکێنێتەوە بە سودی لایەنێک لە سەر حیسابی لایەنێکی تر . کوردوستان لە بواری دیمکراسیەتا وا خەریکە تازە هەولبدات بە سەر پێ بکەوێت جا بۆیە ئەگەر نەخۆشی گەندەلی لە ئێستاوە چارەسەرنەکرێت ئەوا کۆمەلگای کوردی توشی گێری دەکات وە زەحمەتە بتوانێت لە داهاتو بە قیتی و ڕێکوپێکی بکەوێتە سەر ڕێگای دیمکراسیەت.

6 گەندەلی دەبێتە هۆی پەرەسەندنی تاوان بە شێوەیەکی گشتی چونکە هەر تاوانێک ئەگەر ڕێگەی لێ نەگیرێ وە سزا نەدرێت ئەوا دەبێتە هۆی چاو لێکەری لایەنی تر وە تاوانەکە خۆشی تەشەنە دەکات وە دوبارە دەبێتەوە .ئەو کەسەی دبێتە قوربانی گەندەلی وە مافی دەخورێت هەولدەدات بە ڕێگایەکی تر تۆلە بسەنێتەوە وەکو دەتوانێ ئەمیش فێل لەو کەلوپەلە بکات کەوا بە خەلقی دەفرۆشێت یاخود نرخیان بەرزکاتەوە.

چۆن بەرەنگاری گەندەلی ببینەوە؟

دیاردەی گەندەلی هۆی جیا جیای هەیە وە تەنها یەک لایەنیش واتە کارمەندانی دەولەت بەرپرسیار نین لێ ی بۆیە هەر هەولێک بۆ بەربەرەکانی گەندەلی دەبێ بە پلەی یەکەم ئاراستەی ڕەگوڕیشەی ئەم دیاردەیە بکرێ وە خانەی ژێرەوەی تێکبشکێنێ نەوەک تەنها چارەسەری دەردراوەکانی بکات وەکو سزادان بۆ نمونە .هەولی لەم جۆرەش ناتوانن دەزگاکانی دەولەت بە تەنها پێ ی هەلسن بەلکو بە پێ ی پێشنیاری بانکی نێودەولەتیش دەبێ جگە لە دەزگاکانی دەولەت ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی و، خەلقو، هۆیەکانی ڕاگەیاندنو، زانایانی ئەکادیمی و ، کەرتی تایبەتو ڕێکخراوە نێودەولەتی یەکان تیایا بەشداربن .جگەلەوەش ئەم هەولە دەبێت

چوارچێوەیەکی یاسایی ڕێکوپێکی هەبێت تاکو شێوەیەکی ملزم وەرگرێت نەوەکو تەنها بە بانگەواز بمێنێتەوە .
ئـەم هەولی وا دەبێت هەر سێ ئاقاری ڕێگەگرتنو سزادانو پەروەردەکردن بگرێتەوە وە ڕێگاگرتن لەم تاوانە گرنگترین لایەنی یەتی چونکە سزادان ڕاستە لایەنی باشی هەیە بەلام ئاکامی زۆر خراپیشی لێ دەکەوێتەوە بۆ کۆمەل چونکە سزادانی هەرکەسێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە سزادانی خێزانو کەسوکارو دۆستانی ئەم کەسەش .

شێوەی بەربەرەکانی کردنی گەندەلیش لە کۆمەلگایەکەوە بۆ کۆمەلگایەکی تر دەگۆڕێت بە گوێرەی گۆڕانی هەلومەرجەکان لە هەر ولاتێک .لە گەل ئەوەشدا ئەزمونی نێودەولەتی لەم بوارەدا پشانی دەدات کەوا چەند ڕێگایەک هەن کەوا دەتوانرێ بە شێوەیەکی گشتی وە لە هەمو شێوێنێک بە کار بهێنرێن بۆ بەربەرەکانی کردنی تاوانی گەندەلی وەکو:

1 یاسای تایبەت بە گەندەلی :گەندەلی بە تاوان دادەنرێتو بەربەرەکانی دەکرێت چونکە بریتی یە لە پێشێلکردنی یاسا بۆیە دبێت بێشتر یاسایەک هەبێت کەوا ئەم گەندەلی یە پێ شێلی بکات .ئێستا کە لە کوردوستان بانگەواز دەکرێت بۆ بەربەرەکانی کردنی گەندەلی بۆیە دەبێ پێش هەمو شتێک بیر لە یاسایەکی پابەند بکرێتەوە چونکە ڕون نی یە ئێستا چی یاسایەک بە کاردێت لەم هەولانە .ڕاستە کۆدی سزای عێراقی ژمارە 111سالی 1969بە تایبەتی لە مادەکانی 341 307باسی چۆنیەتی سزادانی هەندێک لە شێوەکانی گەندەلی دەکات بەلام ئەم مادانە نە لە گەل سەردەمی هاوچەرخو نە بۆ باری ئێستای کوردوستانیش دەگونجێن .جگە لەوەش ئەم سزایانەی لەم مادانە پێشبین کراون ئەوەندە قورسن وە لە هەندێ حالەتدا دەگەنە لە سێدارەدان کەوا بە زەحمەت دەتوانرێت بە کار بهێنرێت .سزای ئەم جۆرە تاوانانە دەبێ بە جۆرێک بێت کەوا زیاتر ئاراستەی سەرمایەی لێپرساوی گەندەل بکرێت .سزای قورس وەکو بەردی قورس وایە وەشاندنی زۆر زەحمەتە .لەم بارەیەوە دەبێ سود لە ئەزمونی ولاتانی تر وەربگیردرێت چونکە زوربەی ولاتانی پێشکەوتو یاسای تایبەتیان هەیە بۆ بەربەرەکانی کردنی گەندەلی .

2 شەفافیەتو ئاشکرایی لە کارەکانی دەولەت :دامودەزگاکانی دەولەت دەبێ هەتا بتوانن بە شێوەیەکی شەفاف کار بکەن وە چونیەتی کارکردنی خۆیان بۆ خەلق ئاشکرابکەن جگە لە بوارەکانی پەیوەندی دار بە ئاسایشی نەتەوەیی نەبێت .بۆ ئەم مەبەستەش دامودەزگاکانی دەولەت دەبێ دەرگاکانیان والی کەن لە پێش خەلقو هۆیەکانی ڕاگەیاندنو ڕێکخراوی کۆمەلگای مەدەنی وە زانیاری پێ ویستیان پێ بدەن لە سەر داواکردن .پێش هەمو شتێک دەبێ بودجەی ئەم دامو دەزگایانە سالانە ئاشکرا بکرێت وە لە کۆتایی سال ڕاپۆرتێک دەربچێت سەر ئەوەی ئەم پاران چۆن خەرج کراون، کێ خەرجی کردون، وە بۆچی خەرج کراون.

3 لێ پرسینەوەی بە کۆمەل :ئەگەر بێتو لە ولاتێکا گەندەلی بەربلاوبێت ئەوا لە کۆمەلگای نێودەولەتی بە شێوەیەکی گشتی لە دەرەوەو ناوەوە دەست بۆ هەمو دامودەزگاکانی دەولەت ڕەوان دەکرێت وە بە گەندەل ناو دەبردرێن ئەگەرچی هەردەم تەنها بەشێک لە لێپرساوان گەندەلن .لە کاتی هەلبژاردنیشا خەلق سزای ئەم تاکە لێ پرسراوانە نادەن بەلکو ئەم حیزبە هەلنابژێرن کەوا لێ پرسراوەکان لێ ی هاتون .بۆیە دەبێ دامودەزگاکانی دەولەت لە ناو خۆیاندا بە هەمان جۆر ڕەفتار بکەن واتە ئەگەر لە یەکێک لە دامودەزگاکان گەندەلی هەبو ئەوا دەبێ پێش هەمو کەسێک لێپرسراوانی ئەم دەزگایە ڕوبەڕوی لێپرسینەوە بکرێنەوە چونکە ئەرکی ئەوان بوە چاودێری فەرمانبەرەکانی ژورەوەی خۆیان بکەن .ئەم میتۆدە وا دەکات کەوا لە دامودەزگاکانا چاودێری ناوخۆ زیاتر بکات چونکە یەک فەرمانبەر دەتوانێت ناوبانگی هەمو دەزگاکە بخەتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە .

4 ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی :دەبێ دەولەت ڕۆلی ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی بە هێز بکات وە جگە لەوەش بە پێ ی یاسایەک بیانپارێزێت وە مافەکانیان دیاری بکات وە ئاسانکاری فراوانیان بۆ بکرێت تاکو بتوانن ئەرکەکانی خۆیان بە جێ بگەیەنن .بە ڕێوەبردنی دەولەت تەنها ئەرکی ئیدارە نی یە بەلکو دەبێ هەمو لایەنێکی کۆمەل لە ولاتدا بەشداری تیا بکەن.

5. ڕۆلی هۆیەکانی ڕاگەیاندن :هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ڕۆلێکی هەرە سەرەکی ببینن لە بەربەرەکانی کردنی دیاردەی گەندەلی بە مەرجێگ ئازادی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین دابین کرابێت وە دامودەزگاکانی دەولەت دەرگاکانیان والا بێت لە پێش کارمەندانی کەرتی ڕاگەیاندن .دامودەزگا گەندەلەکان ئەوەندەی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەترسن ئەوەندە لە دادگاکان ناترسن چونکە ئەوان لەوانەیە بتوانن لە دادگا خۆیان دەربازبکەن بەلام مەحالە بتوانن خۆیان لە دەست هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەربازبکەن چونکە ئەم هۆیانە سەر بە مەرکەزێکی تایبەت نین بەلکو هەندێکیان سەربەخۆو هەندێکیشیان حیزبین بۆیە دەم گرتنی هەر هەمویان بە یەکەوە زۆر زەحمەتە.

6. دەزگایەکی تایبەت :دەزگایەکی تایبەت بۆ بەربەرەکانی کردنی گەندەلی کارێکی زۆر پێ ویستە چونکە دیاردەی گەندەلی بە تاوانە تایبەتی یەکان دەژمێردرێت واتە ئەو تاوانانەی کەوا گروپێکی تایبەت دەتوانێ پێ ی هەلسێت ئەمیش گروپی لێ پرسراوانی دەزگاکانی دەولەتە وە جۆری ئەنجامدانی تاوانەکەش شێوەی تایبەتی خۆی هەیە وەکو بەرتیل وەرگرتنی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ یاخود فێلکردن لە لیستی شتومەکی کڕاو بۆیە ئەمووردەکاریانە تەنها دەزگایەکی تایبەت بە گەندەلی دەتوانێ شارەزای بێت کەوا ئەرکی تەنها ئەوە دەبێت چاودێری دامودەزگاکانی دەولەت بکات.

7. بیمەی کۆمەلایەتی و تەندروستی :زۆر لە فەرمانبەران لە جیهانی سێ یەم پەنا دەبەنە بەر گەندەلی چونکە لە دواڕۆژی خۆیان دەترسن ئەگەر کاریان نەما یاخود نەخۆش کەوتن بۆیە هەمو هەولێک دەدەن کەوا سەرمایە یەک بە دەست بێنن هەتا ئەگەر لە ڕێگای گەندەلیشەوە بێت بۆ ئەوەی لە کاتی پێ ویست پشتی پێ ببەستن چونکە لەم حالەتانەدا ناتوانن پشت بە دەزگا کۆمەلایەتی یەکانی حکومەت ببەستن .کەواتە ئەگەر دەزگایەک هاتە کایەوە ئەوا فەرمانبەر ترسی ئەوەی نابێت ڕوبەڕوی دواڕۆژی نادیار ببێتەوە ئەگەر نەیتوانی چیتر کار بکات وە بەم جۆرە ڕێژەی گەندەلیش کەم دەبێتەوە.

8. ئەم سەرمایەت لە کوێ بو؟ :لێپرسراوی گەندەل لە زۆر حالەتدا دەتوانێ لە ماوەیەکی کەم سەرمایەکی زۆر کۆ بکاتەوە کەوا زۆز بە زەحمەت دەتوانێ بیشێرێتەوە بۆیە لەم حالەتانەدا دەبێ دەزگاکانی دەولەتی پەیوەندی دار یەکسەر لە سەرچاوەی ئەم سەرمایە بپرسنەوە بۆ نمونە ئێستا لە کوردوستان خەلق زیاتر پارەی خۆی بۆ کڕینی خانوبەرە بە کاردێنی وەکو شێوەیەکی پارەهەلگرتن جا بۆیە پێ ویستە وەکو زۆر لە ولاتانی پێشکەوتو هەکەسێ لە کوردوستان ملکی کڕی یەکسەر داوای لێ بکرێت سەرچاوەی سەرمایەکەشی دیاری بکات .ئەم لێ پرسینەوەیە دەبێ ئەندامانی خێزانی لێ پرسراویش بگرێتەوە.

9. بنەماکانی هەلسوکەتکردن :لە هەمو ولاتانی پێشکەوتو حکومەت لیستێک لە سەر هەلسوکەتکردن بۆ کارمەندانی دەزگاکانی دەولەت ئامادە دەکات کەوا بە CODE OF CONDUCTناسراوە وە تیایدا ئەم مەرجانە دیاری دەکرێت کەوادەبێ فەرمانبەر بە درێژایی کاتی خزمەتکردنی پێ یەوە پابەند بێت .بۆ نمونە نابێ لە بوارێکی ترا دەست بە کار بێت کەوا بتوانێت کار بکاتە سەر ئەرکە گشتی یەکەی.

10. پەروەردەکردن :بەربەرەکانی کردنی هەر تاوانێک پشت بە پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەلیش دەبەستێت لە سەر ئەو بناغەیەی کەوا تاوان ناعەدالەتی یەکە بەرامبەر مافی کەسانی تر وە ئەم ناعەتالەتی یەش دەتوانێ بە زیانی هەمو لایەنێک بگەڕێتەوە .جا لە بەر ئەوەی تاوانی گەندەلی لە زۆر حالەتدا یەک لایەن نی یە واتە کەسێکی تر لە دەرەوی دامودەزگا کان تیا یا بەشدارە وەکو ئەو بەلێندەرەی بەرتیل دەداتە فەرمانبەر بۆ نمونە، دەبێ هەمو لایەنێک خۆیان لە کاری گەندەلی دورخەنەوە .نمونەی ولاتانی تر پشانی دەدەن کەوا لە هەر ناوچەیەک ڕادەی ڕەوشەنبیری بەرزبێت ئەوا ڕادەی گەندەلیش زۆر نزمە .وە هەتا لەم ولاتانەی کەوا بە زۆر گەندەلی ناسراون ئەم گەندەلی یە لەو بەشانەی هەمان ولات زۆر کەمترە کەوا خەلقەکەی ڕادەی ڕەوشەنبیریان بەرزە .لە هندستان بۆ نمونە کەوا یەکێکە لە ولاتە هەرە گەندەلەکانی جیهان ڕادەی ئەم گەندەلی یە لە ولایەتی کریالا کەوا بەرزترین ڕێژەی خوێندەواری تیایە لە هەمو ولایەتەکانی تر کەمترە .

11 بیرۆکراسیەت کەم بکرێتەوە :بیرۆکراسیەت دەبێتە هۆی بە فیرۆدانی کاتی خەلقو سەرچاوە ی مادی بۆیە هەندێ کەس ناچار دەبن پەنا بۆ بەرتیل دانو واسیتە بەرن تاکو کارەکانیان زوو جێ بە جێ بکرێن .کەواتە ئاسانکاری لە دامودەزگاکانی دەولەت دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەلی.

12 سەنتەری سکالا :پێ ویسترینو کاریگەرترین هەنگاو بۆ بەربەرەکانی کردنی گەندەلی لە ژیانی رۆژانەدا ئەوەیە کەوا هاولاتیان ئەگەر روبەرۆی گەندەلی بونەوە شوێنێک هەبێت یەکسەر پەیوەندی پێوە بکەن بۆ ئەم مەبەستەش وولاتانی پێشکەوتو هێلی تەلەفۆنی بەردەوامیان داناوە بۆ گوێ گرتن لە سکالا ی خەلق . ئەم هێلە کاریگەری یەکی دەرونی گەورەی لە سەر کارمەندانی دەولەت هەیە چونکە هەر بونی سەنتێرێکی لەم جۆرە وا دە کات کەوا فەرمانبەران هەردەم هەست بە لێ پرسینەوە بکەن.

13 دیاری کردنی چوارچێوەیەکی کات :لە هەر تێکەولێکەیەکی یاسایی و ئیداریدا ئەگەر چوارچێوەیەکی کاتی دیاری کراو نەبو کەوا دەبێ کارەکەی تیا جێ بە جێ بکرێ ئەوا دەبێتە هۆی برۆو وەرە بۆیە دەزگا دەولەتی یەکانی کوردوستان دەبێت هەریەکەو بە پێ ی جۆری کارەکەی خۆی چوارچێوەیەکی کاتی دیاری کراو بۆ جێ بە جێ کردنی هەر معامەلەیەک دیاری بکات هەروەکو لە وولاتانی پێشکەوتو باوە .بۆ نمونە معامەلەی تاپۆ یەک هەفتەی بۆ دیاری دەکرێ کەوا لە رۆژێکا داواکار داواکەی پیشکەش بە دەزگای تاپۆ دەکات وە پاش هەفتەیەک دەرِوا وەری دەگرێتەوە .ئەم میتۆدە زۆر شارستانی یە وە دیاردەی قەلەبالغی و کات بە فیرۆدان کەم دەکاتەوە.

ئەگەر لە هەر شوێنێک وویستی سیاسی هەبێت ئەوا بەربەرەکانی دیاردەی گەندەلی کارێکی زۆر ئاسانە بە مەرجێک سەرکردایەتی سیاسی چاوی بەرستراوەبێت تاوەکو بە یەکسانی عەدالەت بە سەر هەمو لایەنێک دابەشبکات جا هەر پلەو پایەیەکیان هەبێت.

A7825836@unet.univie.ac.at